لە عەفرین تەقینەوەیەکی بەهێز رویدا



تەقینەوەیەکی بەهێز لەڕۆژئاوای کوردستان رویدا و تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەو رووداوە رانەگەیاندوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی (2024/1/5) لە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، تەقینەوەیەك رویدا و و بەپێی زانیارییەکان قوربانی هەیە، بەڵام تا ئێستا بریندار بونی دو هاوڵاتی راگەیەنراوە.
بەپێی زانیارییەکان، تەقینەوەیەکە لە ڕێگای بەمبێکی چێندراوەوە لە شەقامی راجێ لە ناوەڕاستی شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، رویداوەو و دو هاوڵاتی بریندار بون.
میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژە بە ئەوەدەکەن، تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەو رووداوە رانەگەیاندوە، هەروەها ئاماری قوربانییەکانیش بە فەرمی پشتڕاست نەکراوەتەوە.